# دەستەی لایەنگری لە خواستەکانی شاری قەڵادزێ-دەرەوەی وولات

**ڕگەیاندنی ژمارە یەك**: 2006-11/22

**دوێنێ، سێشەممە 2006-11/21 چەند سەد کەس لە هاووڵاتیانی شاری قەڵادزێ بە بانگەواز و سەرپەرشتی ((دەستەی هاوکاری خەڵکی قەڵادزێ)) لە خۆپێشاندانێکی ئارامدا لەبەردەم دەرگای شارەوانیدا کۆبوونەوە. هاوڕای دەربڕینی ناڕەزایەتی خۆیان بەرامبەر فەرامۆشکردنی خواستە سەرەتاییەکانی ژیانی خەڵکی ناوچەکە، لە لیستێکی دە (10) خاڵیشدا خواستەکانی خۆیان پێشکەش بە لێپرسراوی شارەوانی (قائمقام) کرد و ماوەی هەفتەیەکیش مۆڵەتیان داوە بە کاربەدەستانی کوردستان بۆ جێبەجێکردنی ئەو خواستانە ئەگەرنا شێوازی گونجاوتر دەگرنەبەر بۆ داسەپاندنی خواستەکانی خۆیان بەسەر دەسەڵاتدراندا.**

**شایەنی باسە تائێستا لێپرسراوان و دەسەڵاتدارانی کوردستان چەندین جار بەڵێنیان داوە بە خەڵکی قەڵادزێ کە خزمەتگوزاریەکانیان بۆ دابین بکەن، بەڵام ئەو بەڵێنانەیان نەهێناوەتەدی.**

**ئەم خۆپێشاندانە نیشاندەری ئەوەیە کە جەماوەری قەڵادزێ لەمە زیاتر بەدیار وادەوبەڵێنەوە لە چاوەڕوانیدا دانانیشن و خوازیاری دابینکردنی دەستبەجێی خواستەکانیانن و ژیانێکی هاوچەرخ و مۆدێرن بەهەقی خۆیان ئەزانن.**

**ئێمە لە دەرەوەی وولات لە هەوڵی کۆکردنەوەی پشتیوانیدا دەبین بۆ ئەو بزووتنەوە ڕەوایە بەمەبەستی هێنانەدی فشارێك بۆسەر دەسەڵاتدارانی کوردستان تا مل بدەن بە خواستەڕەواکانی خەڵکی.**

**بێگومان ناچارکردنی لێپرسراوان و دەسەڵاتدارانی کوردستان بەوەی کە مل بدەن بەدابینکردنی خواستە ڕەواکانی خەڵکی قەڵادزێ، هەنگاوێکی گرینگ ئەبێت بۆ پتەوکردن و وەڕێخستنی بزووتنەوەیەکی سەراسەری بۆ هێنانەدی خواستە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان لەسەراسەری کوردستاندا.**

**ئێمە لەڕاگەیاندنەکانی دواتردا:**

1- **لیستی دە (10) خاڵی خواستەکانی شاری قەڵادزێ، بڵاو دەکەینەوە.**
2- **پەرەسەندنی ئەم بزووتنەوەیە و شێوازی مامەڵەی دەسەڵاتداران لەگەڵیا بۆ ڕای گشتی ڕادەگەیێنین.**
3- **هەنگاوەکانی خۆشمان بۆ پشتوانی و لایەنگری ووردتر و ڕۆشنتر دەکەینەوە.**

- **بژی بزووتنەوەی هێنانەدی خواستە ڕەواکانی شاری قەڵادزێ.**
- **بژی خواستە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان.**

**دەستەی لایەنگری لە خواستەکانی شاری قەڵادزێ-دەرەوەی وولات**
Kala2ze@yahoo.com